چیرۆکی وەرگەڕاو



ئیتالۆ کالڤینۆ

# باخچە دڵڕفێنەکە

لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر

جیۆڤانینۆ و سێرینێللا بە قەراخ هێڵەکانی ڕێ ئاسنەکەدا پیاسەیان دەکرد. لە خوارەوەدا دەریایەکی پوولەکاوی شینی ساف و گرژ و مۆن هەبوو، لەسەریشەوە، ئاسمانێک هەبوو کە گەواڵە سپییەکان بە ئاستەم پەڵەداریان کردبوو. هێڵەکانی ڕێ ئاسنەکە دەبریسکانەوە و گەرم و داخ بووبوون. بەدرێژاییی ڕێ ئاسنەکەدا شۆڕبوونەوە سەرگەرمیی بوو، بۆ یاریکردن چەندین جۆرە گەمە هەبوو- کوڕەکە لەسەر یەک هێڵدا خۆی هاوسەنگ کردبوو و دەستی کچۆڵەکەیشی گرتبوو، ئەو دەمەی کە کچەکە بەسەر ئەوی تریانەوە بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت، یاخۆ هەردووکیان بە جیا لە یەک نیرگەداری نێو هێڵەکانەوە بۆ ئەوی تر، بەبێ ئەوەی بهێڵن هەرگیز قاچەکانیان بەر بەردەکانی میانەکە بکەوێت، قەڵەمبازیان دەدا. جیۆڤانینۆ و سێرینێللا لە دەرەوەدا بووبوون و بۆ قرژانگ گەڕابوون و

هەنووکەیش بڕیاری ئەوەیان دابوو هەر لە هێڵەکانی ئاسنەکەوە هەتاکو دەگاتە تونێڵەکە کەشف بکەن. کوڕەکە ئارەزووی دەکرد لەگەڵ سێرینێللادا یاری بکات، چوون ئەو وەکو کیژۆڵە بچکۆلەکانی تر ڕەفتاری نەدەکرد کە بە هەموو جەفەنگێک هەردەم دەتۆقین یاخۆ دەیاندایە پڕمەی گریان. هەر کاتێکیش جیۆڤانینۆ بیگوتایە "بابڕۆینە ئەوێ،" یاخۆ "با ئەوە بکەین" سێرینێللا هەموو کاتێک بەبێ ورتە و فزە دوای دەکەوت.

ڤینگ! هۆردووک تەکانیان دا و لە سەرەوە رامان. وایەری تەلەفۆنێک لەسەر لووتکەی دارستوونەکەدا قرتێنرا بوو. بە دەنگی لەقلەقێکی ئاسنین دەچوو کە ناگەهان دەنووکی وێک هێنابێتەوە. راوەستان و لووتیان لە نێو هەوا بەرز کردەوە و تەماشایان کرد. چەند جێی داخ بوو کە ئەوە نەبینرا بێت!

ئێستایش ئیتر ئەمە جارێکی تر هەرگیز رووی نەدەدایەوە. جیۆڤانینۆ گوتی "شەمەنەفەرێک وا دێت."

سێرینێللا لەلای هێڵەکەوە نەبزووت. پرسی: "لە کوێندەرێوە؟"

جیۆڤانینۆ بە شێوەیەکی شارەزایانە لەو دەوروبەرەی رووانی. پەنجە نومای بەرەو لای چاڵگەی رەشی تونێڵەکەوە کرد کە قەدەرێک روون و شەفاف، ئەنجا دواتر تەماوی، لە میانەی تینی پێواری ئەو تەمومژەی کە لە رێڕەوتە بەردینەکەوە هەڵدەستا، نومایان دەبوو.

"ئا لەوێوە" کوڕەکە گوتی: پێشوەختیش وای بۆچوون کە لە زوڵمەتی تونێڵەکەوە گوێبیستی مرخەمرخێک بوون و بینییان شەمەنەفەرەکە ناگەهان بە گڕ و دووکەڵ دەرپەڕاندنەوە دەرکەوت، پێچکەکانی لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرەو پیری رێ ئاسنەکان تاویان دەدا بێبەزەییانە دەیانماشییەوە.

"بۆ کوێ بچین، جیۆڤانینۆ؟"

لە خوارێ لە نزیک دەریاکەوە کۆمەڵە دارسەبرێکی بۆری زەبەلاح هەبوو، کە بە چەردە دڕکوداڵێکی چڕوپڕ و دژوار ئابڵووقە درابوون، لە هەمان کاتدا لە سەرووی باڵەکانەوە تەیمانە رووەک و دەوەنێکی پچرپچڕ درێژ دەبووەوە کە کۆمەڵە گەڵایەکی چڕوپڕی پێوە بوو بەڵام بێ گوڵ بوو. هێشتایش جێ پێی شەمەنەفەرەکە دیار

نەبوو، لەوانە بوو لەگەڵ دابڕینی مەکینەکەشیدا هەر لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بووبێ و، هەر لە پڕێکیشا بە ڕوویاندا دەربپەڕێتە دەرەوە. وەلێ جیۆ ڤانینۆ ئێستاکانە لە نێو تەیمانەکەدا کەلێنێکی دۆزیبووەوە.

هاواری کرد: "لێرەوە."

پەرژینەکەی ژێر تەیمانەکەیش هێڵە ئاسنێکی کەونارای چەماوە بوو. لە جێگەیەکدا لەسەر عەرزەکە هەروەکو چمکی پەڕە کاغەزێک بە دەوری خۆیدا لوولی خواردبوو. جیۆڤانینۆ پێشوەخت دزەی کردبووە نێو کەلێنەکەوە و تا رادەیەک لە چاو ون بووبوو.

"دەستێکم بدەرێ، جیۆڤانینۆ"

بە پرچی پڕ لە گەڵای وشک و قەوزەوە لە گۆشەی باخچەیەکدا لە نێو گوڵستانێک خۆیان لەسەر هەر چوار پەلەکانیاندا بینییەوە. هەموو شتێک خامۆش بوو، تەنانەت تاقە گەڵایەکیش نەدەبزوا.

"یەڵڵا با بڕۆین." جیۆڤانینۆ ئەمەی گوت و سێرینێللایش لە وەڵامدا سەری لەقاندەوە. ئا لەویادا درەختی یۆکالیپتۆسی دێرینەی سوورباوی زەبەلاح و ڕێگە چەوڕێژە پێچاوپێچەکان هەبوو. جیۆڤانینۆ و سێرینێللا پێ بەپێ ڕێگەکان بە باک و ئاگەدارییەوە لەسەر نووکی پێ ڕۆیشتن نەبادە خشەخش لە ڕێگە چەوڕێژەکەوە هەستێنن. ئەی گریمان ئێستا خاوەنەکانی پەیدا بوون؟

هەموو شتێک ئێجگار قەشەنگ بوو: پێچکردنەوە بەرتەسکەکان و، گەڵای لوولخواردووی بەرزی یۆکالیپتۆسەکان و پەڵە پەڵەکانی ئاسمان، قەشەنگ بوون، بەڵام هەمیشە ئەو تێفکرینە نیگەرانکەرەیان هەبوو کە ئەوە باخچەی خۆیان نەبوو، هەروەها ئەوەیش کە لەوانە بوو لە هەر ئان و ساتێکدا ڕاوبنرێن. وەلێ هەتا نووزەیەکیش نەدەبیسترا. لە پێچێکی ڕێگەکەدا جریوە جریوی ڕەوە پاسارییەک لە تۆپەڵە چەلیکێکی کێویلەوە بەرز دەبووەوە. ئینجا هەمدیسان هەموو شتێک خامۆش بووەوە. تۆ بڵێی باخچەیەکی جێهێڵراو بێت؟

بەڵام سایەی درەختە گەورەکان کۆتاییان پێ هاتبوو، ئەمانیش لە ژێر ئەو ئاسمانەی کە هەمبەر بەو گوڵزارانە بووبووەوە کە سەرشار بوون لە ڕیزە

دڵگیرەکانی گوڵەپێتۆنیا و لاولاوەکان و، ڕێچکەکان و نەردە پێپلیکانەکان و ریزگەلێک لە درەختەکاتی شمشاددا خۆیان دیتەوە. لە سەرەوەیشدا لە ئاخری باخچەکەدا ڤێللایەکی گەورە هەبوو کە شووشەی پەنجەرەکانی دەبریقانەوە و پەردەی زەردباو و پرتەقاڵییان هەبوو.

سەرتاسەریش بە تەواوەتی چۆڵوهۆڵ بوو. دوو منداڵەکە بە ئاگایی و لەسەرخۆییەوە بەسەر ڕێگە چەوڕێژەکەدا هەنگاویان هەڵنا: لەوانەیە پەنجەرەکان لە ناکاو بە توندی بکرێنەوە و، خانمان و جێنتڵمانانی تووڕە لەسەر هەیوانەکاندا دەرکەون و سەگە زەبەلاحەکان بەرەو خوارەوە بە ڕێگەکاندا بەرهەڵدا بکەن. ئینجا ئەو عارەبانەی خۆڵەیان دۆزییەوە کە لە نزیک خەنەقێکەوە راگیرابوو. جیۆڤانینۆ پڕی بە دەسکەکانیا کرد و پێ بەپێ بە بەردەم خۆیەوە کەوتە پاڵنانی: وەکو فیکە لە هەموو پێچێکدا جیرەجیڕی لێوە دەهات. سێرینێللا خۆی لە نێویدا دانیشاند و سەبرۆکە سەبرۆکە بەرەو پێشەوە کەوتنە جووڵە. جیۆڤانینۆ بە قەراخ گوڵزار و قەڵبەزەکاندا پاڵی بە عارەبانەکەوە دەنا کە ئەویش لەسەریدا دانیشتبوو.

هەر جار ناجارێکیش سێرینێللا ئاماژەی بە گوڵێک دەدا و بە دەنگێکی کز دەیگوت: "ئەو دانەیە" و جیۆڤانینۆیش عارەبانەکەی لە عەرز دادەنا و، گوڵەکەی دەقرتاند و بەوی دەدا. تا هێندەی پێنەچوو بوو بە خاوەنی دەسکەنەیەک گوڵی دڵڕفێن.

سەرەنجام ڕێگە بەردەڵانەکە دوایی هات و ئەوانیش گەیشتنە جێگەیەکی ئاوەڵای بە خشت و چیمەنتۆ خۆشکراو. لە نێوەندی ئەم جێگەیەشدا لاکێشەیەکی گەورەی بۆش و بەتاڵ هەبوو: کە ئەویش مەلەوانگە بوو. بە لەسەرخۆییەوە هەتا قەراخەکەی ڕۆیشتن، بە مۆزائیکە شینەکان داپۆشرا بوو هەتا لێوارەکەشی بە ئاوی روون و ساف پڕ کرابوو. چەند مەلەکردن تێیدا خۆش دەبێ.

"ئایا مەلەیەک بکەین؟" جیۆڤانینۆ لە سێرینێللا پپرسی. دەبوو بیرۆکەکە گەلێک خەتەرناک بووبێت ئەگەر ئەو لێی پرسیبێ لە جیاتی ئەوەی تەنیا بڵێت: "بابچینە ناوەوە!" بەڵام ئاوەکە ئێجگار روون و ساف و شین بوو، سێرینێللایش هیچ باک و ترسی نەبوو. لە عارەبانەکەوە خۆی هەڵدا و دەسکەنەی گوڵەکانی تێدا دانا.

پێشوەخت لە جلوبەرگی مەلەکردندا بوون، چونکە هەتاوەکو تۆزێک بەر لەوسا بۆ قرژانگ گرتن بۆ دەرەوە هاتبوون. جیۆڤانینۆ، نەک لەسەر تەختە بۆردی لێوە بازدانەکەوە، چونکە شڵپ و هۆڕەکەی سەروسەودایەکی گەلێک زۆری بەرپا دەکرد، بەڵکە لە لێواری حەوزەکەوە خۆی تێ هاویشت. بە چاوە تەواو ئاوەڵاکانییەوە بۆ خوارەوە و خوارەوەتر رۆچوو، هەر تەنیا شینایی کاشییەکان و دەستە پەمەییەکانی خۆی وەکو ماسییە زەردە دەبینی، وەکو ئەوەی ژێر دەریا نەبوو، پڕ بێ لە سێبەرە بێ شەقڵە سەوز و رەشەکان. لەشێکی پەمەیی لەسەروویەوە نومایان بوو: سێرینێللا! دەستی گرت و نەختێک بە پەرۆشەوە تاسەر رووی ئاوەکە مەلەیان کرد. نەخێر، بە هیچ شێوەیەک کەس نەبوو تەماشایان بکات. بەڵام هێندە خۆش نەبوو وەکو تێفکریبوون، ئەوان هەمیشە ئەو هەستە نارەحەتکەرەیان هەبوو کە هەقی هیچ یەکێ ئا لەمانەیان نەبوو، لە هەر چرکەساتێکیشدا رەنگبوو راوبنرێن.

بەچنگەگرێ لە ئاوەکەوە هاتنە دەرێ و ئا لەوێدا لە تەنیشت گۆمی مەلەکردنەکەدا مێزێکی پینگ- پۆنگیان دیتەوە جیۆڤانینۆ دەستبەجێ راکێتەکەی قۆستەوە و کێشای بە تۆپەکەدا، سێرینێللایش، لە لایەکەی تردا، خێرا بوو تا بەرپەرچی پیاکێشانەکە بداتەوە. بەمجۆرە لە یاریکردن بەردەوامبوون، هەر تەنیا پیاکێشانی ئەسپاییان لە تۆپەکە دەدا، بە هەرحاڵ، نەبادە یەکێک لە ڤێللاکەوە گوێی لێیان بێت. بەڵام دواتر جیۆڤانینۆ، لە هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ئەو لێدانەی کە بەرز هەڵبەزیبووەوە، تۆپەکەی هەڵفڕاند و دوور بە ئاسماندا ناردی و بەو زەنگەدا کێشای کە لە نێو راڕەوە تەنراوەکەدا هەڵواسرابوو. دەنگدانەوەیەکی دڵتەزێنانەی درێژخایەن هاتە ئاراوە. دوو منداڵەکە لە خوارەوەدا لەودیو و دەستە رانیوونکیوولەسێکەوە* خۆیان مەڵاس دا، هەر ئەو ئانوساتەیش دوو پیاوی خزمەتکار کە چاکەتی سپییان پۆشیبوو بە دوو سینی گەورەوە دەرکەوتن، سینییەکانیان لەسەر مێزێکی بازنەیی ژێر چەترێکی خەتخەتی زەرد و پرتەقاڵیدا دانا و، رۆیشتن.

جیۆڤانینۆ و سێرینێللا بە هێواشی بەرەو مێزەکە هەڵکشان. لەوێدا، چا، شیر و کێکی ئێسفەنجی دانرابوون. ئەوانیش هەر ئەوەیان لەسەر بوو دابنیشن و بکەونە

خواردن. دوو کوپ چایان تێ کرد و دوو قاش کێکیان بڕی. وەلێ هەرچۆنێک بوو بێت هەرگیز هەستیان بە خاترجەمیی نەکرد و، چیچکەیان لەسەر لێواری کورسییەکانی خۆیاندا کرد و دانیشتن، ئەژنۆکانی خۆیانیان بزواند. لە راستیشدا چایەکە و کێکەکەیان بە دڵەوە نەدەنووسا، وەک بڵێیت هیچ شتێک وێنەدەچوو تامی هەبێت. هەموو شتێک لە باخچەکەدا ئەئاوا دڵڕفێن بوو، بەڵام لە سۆنگەی ئەو هەستە نیگەرانکەرەی ناواخنەوە کە ئەوان تەنیا لەبەر بەختێکی یاری نائاساییەوە هەستیان دەکرد لەوێن و، لە ترسی ئەوەیش کە دەبووایە زوو بەزوو پاکانە بۆ خۆیان بهێننەوە، مەحاڵ بوو بە رێکوپێکی لێی بەرخوردارین.

گەلێک هێمنانە لەسەر نووکی پێ بەرەو ڤێللاکە هەڵزنان. لە میانی قەڵشەکانی پەردەیەکی نوورپۆشەوە ژوورێکی سایەداری دڵگیریان بینی، کە بەسەر دیوارەکانیدا کۆمەڵە پەپوولەیەک هەڵواسرابوون. کوڕێکی بچکۆلانەی رەنگ پەڕیویش لە ژوورەکەدا بوو. کوڕێکی خۆشبەخت بوو، لەوە دەچوو خودانی ئەم ڤێللا و باخچەیە بێت. پاڵکەوتوو لەسەر کورسییەکی درێژکۆڵەدا راکشا بوو، لاپەڕەکانی کتێبێکی گەورەی پڕ لە وێنەی هەڵدەدایەوە. دوو دەستی گەورەی سپیکەلانەی هەبوو، هەرچەندەیش کە هاوین بوو، بەڵام ئەو بێجامەی هەتا گەردن دوگمەدراوی لەبەرکردبوو.

ئێستا ئیتر هەردوو منداڵەکە لە میانەی قەڵشەکانەوە لە سەرەتاتکێ بەردەوام بوون و کوتەکوتی دڵیان نەختە نەختە دادەمرکایەوە. خۆ، وێدەچوو کوڕە دەوڵەمەندەکە کە لەوێدا دانیشتبوو لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە بە شڵەژان و نیگەرانییەکی زۆر لەوەی ئەوان زیاترەوە تەماشای دەوروبەری بکات. دوای ئەوە هەستا و لەسەر نووکی پێ ئەملا و لای کرد، وەکو بڵێیت لەوە سڵبکاتەوە کە لە هەر ئانوساتێکدا یەکێک دەربکەوێت و دەری بکاتە دەرەوە، وەکو بڵێیت هەستی بەوە دەکرد کە ئەو کتێبە، ئەو ئەسکەمیلە درێژکۆڵەیە و ئەو کۆمەڵە پەپوولە چەرچووبەکراوانەی سەر دیوارەکە، باخچەکە و گەمەکان و سینییە چایەکان، حەوزی مەلەکردنەکە و رێچکەکان، تەنیا و تەنیا بەهۆی هەڵەیەکی بێهاوتاوە پێی بەخشرابێت، وەکو بڵێیت توانای ئەوەی نەبێت کە پێیان بەرخوردار بێت و

هەستیشی بە تالاوی ئەو هەڵەیە دەکرد وەکو ئەوەی خەتای خودی خۆی بووبێت. کوڕە کزۆڵە کردووەکە بە هەنگاوی هێواشانە بە چواردەوری ژوورە سایەدارەکەیدا دەسووڕایەوە، بە ئەنگوستە سپییەکانی بە لێواری سنووقە بە پەپوولە رازاوەکاندا دەیماڵی. دواجار بۆ ئەوەی گوێ رادێرێ وەستا. پلدانی دڵی جیۆڤانینۆ و سێرینێللا. کە دامرکابووەوە، ئێستا لە هەموو دەمێک سەختتر دەستیان پێ کردبووەوە. دەشێ سامی تەلیسمێک بووبێت کە بەسەر ئەم ڤێللا و باخچەیە و بەسەر تێکڕای ئەم شتە ناوازە و پڕ ئاسوودەییانەدا لەنگەری گرتبوو، وەکو بڵێیت عەیامێک لەمەوبەر چەشنی زوڵم و ستەمێکی کۆنینە ئەنجام درا بێت.

هەورەکان بەردەم هەتاویان تاریک کرد. جیۆڤانینۆ و سێرینێللا زۆر دزدەکییانە و هێورانە دوورکەوتنەوە. بەقەراخی هەمان ئەو رێچکانەدا گەڕانەوە کە هاتبوون، هەنگاوی بەلەزیان دەهاوی، بەلام هەرگیز رایان نەدەکرد. جارێکی تریش لە میانەی تەیمانەکەوە لەسەر چوارپەلیاندا کەوتنە رۆیشتن. لە نابەینی دارسەبرەکاندا رێگەیەکیان دۆزییەوە کە دەچووەوە سەر کەنارێکی بچکۆلانەی بەردەلان، کە بە درێژاییی رۆخەکە قەراخەکەی قەوزەدار بوو. ئینجا وازییەکی تازەی زۆر نایابیان داهێنا، کە ئەویش شەڕی قەوزەی دەریایی بوو. هەتا دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ وەخت گەلێک مشتی پڕپڕیان لێی گرتە چڕۆچاوی یەکتری. تەنانەت سێرینێللا بۆ تاقە جارێکیش نەگریا.

پەراوێز

(*) Ranunculus: ئەو جۆرە رووەکانەی کە لەو توخمانەن کە گوڵی کاسە ئاسا دەگرن و چەندین نێرک و ئەندامی نێرینە و مێینەی گوڵیان هەیە.

- سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:

Italo Calvino
Adam, One Afternoon
Translated by: Archibald Colquhoun
and peggy Wright.
LONDON- MINERVA- 1994